شاندور پتوفی
وەرگێران: عوسمان ــم



# بۆ میللەت

عەشق و ئازادی
ئەم دوانەم دەوێ
گیانم فیدا دەکەم
لە رێگای عەشقم و
عەشقم
لەرێگای ئازادی

دەنگ بدەنەوە، ئەی زەنگەکانی مەترسی
من بە دەستەکانی خۆم پەتەکەتان ڕادەکێشم و
دەلەرزم، نەک لە ترسان
ئازار و رق دڵم دەهەژێنێ.

بەداخەو دیسانەکە دەبینم گەردەلولێکی تازە
هەڕەشە لە نیشتمانی کاولم دەکا
رق لە دڵم، چونکە دەستە وەستان وەستاوین و
خەو پێلۆی چاوەکانمانی قورس کردوە.

ڕۆژێکیان میللەت ڕاپەڕی
چونکە لە دەنگی دنیا بەخەبر هاتبو
بەڵام دوبارە هەڵخلیسکا و
خەوێکی قورس بردیەوە.

لە خەو هەست، لە خەو هەستە! ئەی میللەتی بەڵا کێشاو
تۆ دەتتوانی لە یەکەمین ریزدا بی
بەڵام لە بەدبەختی و تەمەڵیدا
دوا کوتی و زەبون بوی.

هەستە لە خەوائەی نیشتمان گەر ڕانەپەڕی

ئیتر هیچکاتێک هەڵناسیتەوە و
ئەگەریش هەستی تەنیا هێندە مەجالت دەبێ
کە ناوت لەسەر بەردی مەزارت هەڵکەنی

رۆژگارێکی درێژمان تێپەڕ کرد
بە شێوەیەک کە ئەم وولاتە هین ئێمە بو و نەبو
ئێستا نیشانی بدەین کە لێرە بەولا ئیتر
کاری ئێمە بە هێچ کەس نییە

ئەگەر چارەنوس ئاوایە کە ئێمە نابود بین
لێگەرێ با نابودمان بکەن
دانی پێدا دەنێم کە لە مەرگ ئەترسم
باڵام تەنیا لە مەرگی شەرم هێنەری ژێر دەستی

ئەگەر نەتوانین زیندو بین، بمرین باشترە
بڵام دەبێ وەک قارەمانان بمرین
بە جۆرێک کە تەنانەت ئەوانیش بگرین
کاتێک تەرمەکەمان لە سەر زەوی هەڵ دەگرن.

خۆزگە ئەمرۆ هەمومان
رۆڵەی دلیر و وەفادار بواین و
هەمو کەسێک وا بجەنگیت
کە وەک بڵێی نیشتمانیان تەنیا بەو سپاردوە

ئەوکات... ئەوکات ئیتر نامرین و
ئەوکات ژیان و شانازی چاوەرێمانە و
ئەوکات هەتا هەتایە هی ئێمە دەبێ
نەعمەتێک کە ئارەزومان دەکرد

ڕاپەڕە نیشتمان! ڕاپەڕە میللەتی من! ئەی جەماوەری چەوساوە!
بە جولانێک مەیدانی نەبەرد پڕ بکە و
وەک چەخماخە لە ناکاو
خۆت بەسەر دوژمندا بدە.

دەپرسی دوژمن لە کوێیە؟ ئاااااخخخ مەپرسە
لە هەمو جێکایەکە، سەیری هەر کوێ بکەی و
لە هەموان ترسناکتر ئەو کەسەیە
کە وەک برا لە پاڵ تۆ دایە

خراپترین دوژمن لە نێوانمان دایە
ئەوە برای بێ شەرەف و خایینە و
یەکێک لەوان سەدانمان ئالودە دەکا
وەک دڵۆپە ژارێک جامێک شراب ژاراوی دەکا

دەبێ ئەوانە لەناو بەرین
هەرچەند کە غەدار لە ملی سەدانمان دەدا و
دەبێ لە کۆڵانەکان
شەپۆلی خوێنی خایێن تا پەنجەرەکان بێتە سەر.

ئێمە بە ئاسانی دۆژمنی دەرەوە دەر دەکەین
کاتێک کە ئەم خایینانە لە ناوماندا نابود بکرێن و
تۆ ئەی چنگەکانم! ئێستا ئامادە بە..،
کە بەرەو بورجی نگابانی هەڵدێم
تا زەنگەکانی مەترسی لێ بدەم.